### لە بارانی دڵەوە بۆ تەونی خەیاڵ

## هونەرمەند نوێنەر ئەحمەد:

# دوعا بووە سیمبوولی گۆرانییەکانم

**هونەرمەند نوێنەر ئەحمەد گەنجێکی چالاک و ئەکتیڤە لە بواری هونەری گۆرانی ومۆسیقای کوردیدا، شارەزایە لەبواری ژەنینی ئامێری گیتار هەیە و خاوەن سەلیقەیەکی جوانی هونەرییە، دوای ئەوەی بەرهەمی (تەونی خەیاڵی)بڵاوکردەوەکە خۆی لەچەندگۆرانییەک دادەبینێتەوە و مەبەستی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت وبەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان گۆرانییەکی پێشکەش کرد بەروحی پەپولەئاسای (دوعا)ی بێتاوان وسیمای پڕبەرائەتەکەی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبێت لە ناو جەماوەر و خەڵکی کوردستان هەر بۆیە ئێمە بە چاکمان زانی بەمەستی وروژاندنی چەند پرسیارێکی هونەری لە سلێمانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز کرد**

**لە سەرەتا (نوێنەرئەحمەد) گوتی:** من لەکۆتایی ساڵانی (١٩٩٠) دەستم بەکاری هونەری کردووە، سەرەتاش بەکاری شعرنوسین و دواتر بەموزیک وگۆرانی یەکەم بەرهەمیشم بەناوی (بارانی دڵ) بوو تەجروبەیەکی هونەری من بوو لەوێوە دەستم کرد بە خزمەتکردنی دونیای هونەر و بەشێوەیەکی ئەکادیمی من توانیومە خۆم پێ بگەیەنم وەک ژەنیارێک توانایەکی باشم هەیە لە ژەنینی ئامێری گیتار من شارەزاییم لە بواری گیتاردا بەشێوەیەکی باش هەیە هەتا ئێستاش ئەرشیفی هونەریم بریتییە لە سێدیەک بەناوی (تەونی خەیاڵ) لەگەڵ چەند گۆرانییەک و یەکەم کەس بووم وەکو گەنجێک هەڵوێستم هەبوو بەرامبەر ئەو کارە قێزەونەی بەرانبەر(دوعا) ئەنجام دراو توانیم بەرهەمێکی هونەری ئەنجام بدەم پاشانیش کلیپی بۆبکەم کەئەمش دەنگدانەوەیەکی زۆری دایەوە لەناو جەماوەردا هەر لەدرێژەی قسەکانیدا هونەرمەند نوێنەر ئاماژەی بەوە کرد کەوا ئیحساسی تایبەتی خۆی کەهەستێکی جوانی پێ بەخشیوە لەگەڵ هونەری گۆرانی ومۆسیقا گرێی داوە باسی لەوە کرد هەر لەمناڵییەوە کە سەیری فیلمی کارتۆن و بەرنامەکانی منداڵانی کردووە حەزی لە ئامێری گیتاربووە، هەمیشە ئەو ئامێرە جێگەی سەرنجی نوێنەر بووە بۆیەش ئەمڕۆ دەڵێت هونەری گۆرانی و موزیک بەتەواوەتەی لەرۆحمدا چەسپاوە

***ڕەنگە تۆبەرهەمت کەم بێت واتە بەرهەمەکانی تۆ لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن کەچی لە هەمان کاتدا تۆ لە ناو خەڵکدا تا رادیەکی باش ناسراویت تۆپێت وایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پەیامە هونەرییەکەی تۆسەد لە سەد جێگەی خۆی گرتۆتەوە؟**

- راستە ستایلی من ستایلی پۆپ موزیکە،بەڵام کارەکانی من زۆر جیاوازتر بووە لەو کارانەی کە دەبینرێت بەشێوەیەکی گشتی من هەوڵم داوە لەگەڵ ئێحساسی گەنج کار بکەم ئەویش لە ڕێگەی تێکستەکانەوە کە زۆربەیان تێکستی خۆمن ئەو هەستەی کە لە ناخی مندا بووە هەستێکی راستەقینەیە دوورلە تەمسیل کردن بووە، هەر بەو شێوەیەش بەردەوام دەبم لە خزمەتکردنی هونەری کوردیدا من پێم وایە تا ئێستاش کارەکانی من بەشێوەیەکی باش بڵاونەبوونەتەوە لەبەرئەوەی راگەیاندنێکی باش لەپێش کارەکانی منەوە نەبوو بەمانای ئەوەی راگەیاندنێکی تایبەت نەبووە بۆ من کە بتوانم ڕێکلامی کارە هونەرییەکانی خۆمی لێبکەم و بەنیازیشم لەسەر ئەو رەوتەی خۆم کە هەمە بەردەوام بم لەکاری هونەری وهونەرەکەم بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ پێش بخەم .

***تۆ تاڕادیەکی باش گرنگیت بەکاری هونەری داوە من پێم وایە زۆربەی زۆری گۆرانییەکانت کلیپ کردووە، کەواتە پرسیارێک دێتە پێش ئەویش ئەوەیە تۆ تاچەند کلیپ بەپێویست دەزانیت بۆ دەرخستنی بەرهەمێک ؟**

-پێش هەمووشتێک من ئەوە بیرکردنەوەیەکی تایبەتی خۆم بوو لەبەرئەوەی هیچ ڕاگەیاندنێک لەپشتم نەبووە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە بەکلیپ کردن پێش بکەوم و بۆ ئەنجام دانی کاری کلیپی بەرهەمەکانم بەشێوەیەکی زۆر ورد لەسەر ئیحساسی گەنج کارم کردووە، هەروەها لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی خۆشم یەک بگرێتەوە و من هەرگیز نەچوم ئەکتەری کچ بەکار بێنم کە دیمەنەکانی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی یەک نەگرتەوە و لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی من نەگونجێ، ئەمش بە هاوکاری هاوڕێکانم بووە و بەهاوکاریان تەلەفزیۆنی نەورۆز دوو کلیپم ئەنجام داوە و هەوڵم داوە کلیپەکانم بێتە راگەیاندنێک بۆ کارە هونەرییەکانی خۆم و پێویست بوو لەم چەند ساڵەدا هەموو ساڵێک سێدیەکم هەبێت وەکو چۆن لەدنیادا ئەمە باوە.

***باسی ئەوەدەکەین ساڵانە هونەرمەند دەبێت بەرهەمێکی سێدی هەبێت ئەمە نابێتە هۆی زۆری و بۆری لە هونەری گۆرانی کوریدا؟**

- من وەکوخۆم هیچ کاتێک پەلەم نەکردووە لە کارە هونەرییەکانم دا، بەڵام لەئاستێکی جیهانیدا دەڵێم پێویستە هونەرمەند بەردەوام بەرهەمی هەبێت و بۆ کوردستان پێم وایە پێویست نییە بەردەوام ساڵانە سێدیەک بکەیت و مەرج نییە کاتێک تۆسێدیەک دەکەیت (١٥)گۆرانی تیا بێت دەتوانیت تۆ(٥) بەرهەمی جوان پێشکەش بکەیت بەو مەرجەی هەستێکی راستەقینە لە کارەکەدا بەدی بکەیت، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت هونەری گۆرانی و موزیک پێش بخەین پێویستە هونەر لە بازنەیەکی داخراودا نەمێنێتەوە و ئیتر ئێمە هونەری خۆمان بە وڵاتانی جیهان بناسێنین وەکو چۆن لە کەناڵێکی جیهانیدا بەرهەمی هونەری زۆربەی هونەرمەندانی جیهان پێشکەش دەکرێت، ئاواش بەرهەمی هونەرمەندانی کورد پێشکەش بکرێت بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەمە نەتوانراوە لەبەرئەوەی هونەرمەندی کورد ئیمکانیەتی نەبووە.

***بەرهەمی (دوعا) دەنگدانەوەیەکی زۆری لای خەڵک هەبووە تۆ ویستت لە ڕێگەی ئەم کارەوە چی بڵێیت؟**

دیمانە:سۆران مارف کەریم
Soranmarif@hotmail.com



- من ویستم لەڕێگەی دوعاوە پەنجەرەیەک بکەمەوە بۆداکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و ببێتە سمبولێک تاوەکو چیتر ئافرەت بەوشێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکرێت بۆیە (دوعا)بووە سمبولێک بۆ گۆرانییەکەی من کە(٥٠٠) کەس لەسەرشەقامێک بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە ئافرەتێکیان بەردباران کردکە ئەمە سەرەتایە بۆئەوەی ئەمە ببێتە دیاردەیەکی باو کە ئەمە زۆر خەتەرناکە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی کەچی بەداخەوە هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان وئافرەتان گوێیان لە گۆرانییەکە نەگرت بوو کە بۆچی دەبێت مرۆڤ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەگەر دوعا تاوانێکی گەورەی کردووە ئەوە یاسا هەیە و با بدرێتە دادگا، بەڵام لەسیستەمی دیموکراتیدا نابێت مرۆڤ بکوژرێت کە ئێمە دەمانەوێت وڵاتەکەمان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی ودیموکرات بەرین کە ئێزدیەکانیش بەشێکن لە مێژووی کورد وئەوانیش کوردن بۆیە من ئامانجێکم هەبووە ئەویش یەکەم جار ئامانجێکی ئینسانییەو دەبێت مافی ئافرەت بپارێزرێت.

*** ماوەیەک بەر لە ئێستا سێدیەکت بڵاوکردەوە بۆچی ناوت نا(تەونی خەیاڵ)؟**

- تەون ئەوەیە کە جاڵجاڵۆکە درووستی دەکات خەیاڵیش بە مانای خەیاڵێکی چڕو پڕ کە بەڕاستی من زۆرماندوو بووم بەدەست ئەم سێدییەوە بەرهەمی چەند ساڵێکم بوو لەبەرئەوەی تەونی خەیاڵ خۆی بۆخۆی ووشەیەکی ڕۆمانسییەو ناوی یەکێک لەگۆرانییەکانیشمە.

*تاچەند هونەرمەند دەبێت خاوەن مەعریفەیەکی هونەری بێت؟

-دەبێت هونەرمەند دەبێت خاوەن مەعریفەیەکی بەرزی هونەری بێت ئەگەرنا نازانێت دەبێتە هونەرمەندو نازانێت چۆن تازەگەری بکات لە بوارە هونەریەکەیدا، تۆ ئەگەر مەعریفەت نەبێت نازانیت چۆن نوێگەری ئەنجام دەدەیت لە هونەرەکەتدا دەبێت تۆ خوێندنەوەیەکی باشت هەبێت بەتایبەتی بۆ بواری مۆسیقاو گۆرانی هەرکەسێك کە ئازاری منداڵێکی نەخوێندەوە چۆن دەتوانیت باس لەو ئازارە بکات ئەگەر هونەرمەند نەکەوێتە ژێر هەندێک کاریگەرییەوە ناتوانێت خزمەتی جوانی هونەر بکات، لەبەرئەوە مەعریفە گرنگە بۆ کەسایەتی هونەرمەند.

*** گۆرانی (کاروان کوژە) یەکێکەلەبەرهەمەکانی سیدی تەونی خەیاڵ کە ئاوازی گۆرانی یۆنانییەو تۆ جارێکی تر ئەم گۆرانییەت وەرگێراوە سەر زمانی کوردی و بەشێوەیەکی جوان گۆرانییەکەت ووتۆتەوە تۆ چۆن بیرت لە هەڵبژاردنی ئەم گۆرانییە کردۆتەوە؟**

- من تێکستی ئەو گۆرانییەم تەرجومە نەکردووە و تێکستی گۆرانییە کە من خۆم ئامادەم کردووە و ئەم گۆرانییە گۆرانییەکی یۆنانی گرنگە هەندێک پێیان وایە هەندێک وایە ئەم ئاوازە لە ئەسڵدا ئیسرائیلییە، بەڵام من دەڵێم گرێیەکی کۆنەوەزۆرنزیکەلەئێحساسی ئێمەوە، چونکە من پێم وایە سنوور نەبووە لەنێوان یۆنانییەکان وکوردەکان لە مێژوودا کاتێک مەغۆلەکان دێنە ئەنادۆڵ ونیشتەجێ دەبن ئەوان سنور دروست دەکەن لەنێوان ئێمەو یۆنانییەکاندا ئەو گۆرانییە بە عەرەبی وفارسی وتورکی وتراوە، منیش حەزم کرد ئەو گۆرانییە بەکوردی هەبێت خەڵکێک هەن زۆرلەمێژووی کورد شارەزا نین کاتێک گوێیان لەم گۆرانییە دەبێت دەپرسن ئەی ئەمانە کێن ئەم بەرهەمانەیان وتۆتەوە، بەڵام کە دەپرسن دەزانن ئەمە نەتەوەی کوردە کە خاوەنی هونەر و مێژووی خۆیەتی.

*** هونەرمەند (چۆپی)ئەم گۆرانییەی وتۆتەوە کامتان پێشتر تۆمار وبڵاوتان کردۆتەوە؟**

-وەڵام لەڕاستیدا من پێش هونەرمەند چۆپی فەتاح بە کلیپ بەرهەمەکەم بڵاوکردۆتەوە لە زۆربەی کەناڵەکاندا من سێ ساڵ بەر لەوەی بڵاوی بکەمەوە تۆمارم کردووە لە ستۆدیۆی چوارچرا هونەرمەند (هێمن حسێن) دابەشکردنی بۆ کردوەو کۆرسی گۆرانییەکەی من هونەرمەندان (تارا ڕەسول ومەریوان حەمەخورشید)بوون هەرچەندە هونەرمەند چۆپی بەستایلی خۆی کارەکەی کردووە منیش بە ستایلی خۆم کارەکەم ئەنجام داوە.

*** پرۆژەی هونەری نوێتان چیە؟**

- لەڕاستیدا پێش هەموو سێدیەک وەزعی هونەری کوردی لە وەزعێکی خراپدایە، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە هەموو شتێک بووە بە سیاسەت چۆن ئیتیفاقی ستراتیژی هەیە لە هەمان کاتتدا ئەم ڕێکەوتنە کاریگەری لەسەرهونەرمەند هەیە لەلایەنی سلێمانی هاوکاری ئەوخەڵکانە دەکات کە لە دەروبەری کۆبونەتەوە لە هەولێرهاوکاری ئەو کەسانە دەکرێت کە لە دەوروبەری کۆبۆتەوە لە هەولێ زۆر خزمەت کراوە بەمەرجی ئەوەی حکومەت و دەسەڵات لەوێیە ئەوەی کە لێرەیە بەپێی پێویست نییە هیوادارم ئیتر لەمەبەدواوە هونەر بێ باوکی وبێ لایەنی نەبینێت ئەوەی ئێمە پێشکەشی دەکەین توانا و هەوڵی خۆمان دەمانەوێت وڵات و نیشتیمانەکەمان پێش بخەین گۆرانییەک دەتوانێت دڵی سەدان و هەزاران گەنج خۆش بکات بەڵام وتارێکی سیاسی بەرپرسێکی سیاسی کە بە خەڵک دەڵێت کارەبا دەبێت کەچی واش دەرناچێت دڵی سەدان و هەزاران کەس خۆش دەکات ئەمە زۆر جیاوازی هەیە هیوادارم گۆڕانکاری ببینێت و پێشکەوتنێک هەبێت بۆ بواری هونەری و من ماوەی ئەم یەک دوو ساڵە بەرهەمێکم ئامادە کردووە بەناوی (نیشتمانم بێ خەندەیە)، بەڵام بەداخەوە ئیمکانییەتم نییە کاری بۆبکەم کە لە کلیپەکانی ترم باشتر بێت ئیمکانم هەیەوەکوکارەکانی ترم بیکەم، بەڵام نایکەم، چونکە دەمەوێت کارێک بکەم لەوانی تر جیاوازت ربێت جگە لەوەش بەرهەمی سێدیەکم ئامادەیە بۆ تۆمارکردن بە نیازم بەم زوانە هەوڵی جیددی بۆ بدەم

***زۆربەی کاری دەرهێنانی کلیپەکانت خۆت ئەنجامت داوە ئایا لە دەرهێنەرەکانی خۆمان ڕازی نیت یاخود هەوڵت داوە تەواو ئێحساسی خۆت ئاوێتەی گۆرانییەکانت بکەیت ؟**

-بەڕاستی زۆرپێم خۆشبووە ئیحساسی خۆم ئاوێتەی هونەرەکەم بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا من ئیمکانتم نەبووە رووم نەهاتووە بە دەرهێنەرێک بڵێم وەرە یارمەتیم بدە، بەڵام پارەم لێ مەسەنە لە هەمان کاتدا من توانایەکی باشم هەیە کەوا کارێک بکەم جیاوازی هەبێت لە کارەکانی دیکەی هونەرمەندان و ەبەنیازم لە ئایندەدا لەگەڵ دەرهێنەری باش کاری کلیپ ئەنجام بدەم

●●●

**ئەگەر ئێمە بمانەوێت هونەری گۆرانی و موزیک پێش بخەین پێویستە هونەر لە بازنەیەکی داخراودا نەمێنێتەوە و ئیتر ئێمە هونەری خۆمان بە وڵاتانی جیهان بناسێنین**

●●●



●●●

**ئەگەر هونەرمەند نەکەوێتە ژێر هەندێک کاریگەرییەوە ناتوانێت خزمەتی جوانی هونەر بکات، لەبەرئەوە مەعریفە گرنگە بۆ کەسایەتی هونەرمەند**

●●●

# شانۆی کوردی لە قەیراندایە!


ئەحمەد سالار


هیوا سوعاد


تارا عەبدولڕەحمان

**ماوەیەکە باس لە قەیران و گرفتەکانی شـــانۆی کوردی دەکرێت، هەندێك پێیان وایە شـــانۆی کوردی لە قەیرانێکی زۆر مەزندایە و لە دوای راپەرینەوە شـــتێك نەماوە بەناوی هونەری شـــانۆ، هەرچەندە زۆر جار لێرەو لەوێ نمایشی شانۆیی ئەنجام دەدرێت یان لە شار و شـــارۆچکەکانی کوردستان ئاهەنگ و فیستیڤاڵی تایبەت بە شانۆ و سیمینار و کۆڕ کۆبوونەوەی جیاجیا ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە چۆنیەتی برەودان بەو هونەرە و دیاریکردنی گرفت و خاڵە لاوازەکان، لە بەرامبەر ئەمانەدا کەسانێك هەن پێیان وایە کە ئەگەر کێشە و گرفتێك هەبێت لە شـــانۆ ئەوا لەسەر ئاســـتی جیهانی و ئیقلیمییە نەك تەنیا کوردستان، ئەمەش رەنگە هۆکارەکەی بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و چەندین هۆکاری دیکە بگەڕێتەوە، شـــانۆی کوردی ســـەرەڕای ئاســـتەنگەکان و ئەو گرفتانە دێنە سەر رێگای، بەڵام هێشتا شانۆی کوردی لە بارودۆخێکی باشدایە و بەردەوامە و ئەو نماشە شانۆییانە و ئەو کۆڕ و سیمینارانە بە بەردەوام ئەنجام دەدرێن و هێنانی گروپی شـــانۆیی ئەڵمانی و نمایشـــکردنی ئۆپێرای مەم و زین و چەندین چالاکی گەواهیدەری ئەم راستیانەن، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەسەر زاری شانۆکاران ئاگاداری رەوشی شانۆی کوردی و ئەو قەیرانەی ئێستا باس دەکرێت ئەم راپۆرتەمان ساز کرد.**

**راپۆرت:هێمن نەبی حەمەد**

**لەســـەرەتادا ویستمان رای مامۆســـتا ئەحمەد سالار وەربگرین کە ســـەبارەت بە ئێستای شـــانۆی کوردی گوتی:** ئێستا شانۆ بەرەو هەنـــگاوی بووژانەوە دەچێت،پێم وانییە قەیران لەشـــانۆی کوردیدا وشەیەکی لەشوێنی خۆی دا بێت بەڵکو هەندێ گرفت هەن ئەویش بەهـــۆی هەڵبەز و دابەزەوەیـــە، واتە هەمـــوو بەرهەمەکان لەیەك ئاســـت نین،کارێکی بـــاش دەکرێت و کارێکی خـــراپ بەدوای دا دێت، ئەمەش بەهۆی بی بەرنامەییەوەیە ئەگەرنا من گەشـــبینم بە ئایندەی شـــانۆی گەلەکەمان" لێمان پرســـی دەبێت بەرنامەکە چۆن بێت، لەوەڵام دا گوتی" پێویســـتە بەرنامە دابندرێت لەشانۆی منداڵانەوە دەســـت پی بکرێت و شـــانۆ بەرەو پیشەمەندی و دەزگا بەندی بـــڕوات و دەرچی لەوەی لەژێر ڕکێفی حکومەت دا بێت و وەکو بەڕێوەبەرایەتییەك ســـەیری بکرێت بەڵکو پێویســـتە باڵاتر و دەســـتکراوەتر بێت. ئەمەش ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە بە دانانی یاسایەك کە رۆڵی گەورە دەبینێت و من دڵنیام لەوە.

**دواتر هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا بۆچی تەنیا لەیادی شـــانۆی جیهانیدا چالاکی پێشکەش دەکەن و لەکاتی تر دا چالاکییان کەمە، بەمشێویە وەڵامی دایەوە**"پێم وانییە ئێمە کارمان تەنیا بۆ بۆنەکان کردبێت، دوو سێ ساڵە گلەیی دەکرێت بەوەی لەهەولێر لە رۆژی شـــانۆی جیهانی هیچ پێشکەش ناکرێت، ئێمە وەرزێکی شانۆییمان ساز کرد، لەو یادە پێنج نمایشی شـــانۆییمان ئامادە کردووە، جگە لەمەش لە چوار ساڵ دا لەشاری هەولێر بەدرێژایی هەشـــت مانگ شـــازدە شانۆگەریمان پێشکەش کرد سەرەڕای ئەوەی لە ئەڵمانیا و ئێران شانۆگەریمان نمایش کرد. بۆیە ویستمان لەرۆژی شانۆی جیهانیدا شتێك پێشکەش بکەین کە شایستە بێت. لەمەو دواش ئەو نمایشانە دەکەین کە هانی جەماوەر دەدەن بۆ ئامادبوونیان" **ســـەبارەت بە رێژەی بینەران هیوا ســـوعاد**



**گوتی"** بەشایەتی هونەرمەندان و هونەردۆستان ئەوە یەکەم جارە لە مێژووی هەولێر ئەوەندە بینەر ئامادەبێت. ئەمەش مانای وایە بینەر حەزی لە شانۆیە و حەز دەکات لە شانۆیەك ئامادەبێت کە نزیك بێت لە ژیانی خۆی"

**شانۆکار تارا عەبدولڕەحمان بەمشێوەیە قسەی کرد دەربارەی کەمی ئافرەت لە شانۆدا"**

هەروەك دەبینین ڕۆلی ئافرەت لەبواری هونەر دا زۆر کەمە،بەڵام لەساڵانی پێشتر باشترە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنەی کوردستان بەخۆیەوە بینیوە. من زۆر بەختەوەر دەبم ئەگەر ئافرەتێکی کورد دەبینم بەشداری لەکارێکی هونەری دەکات. هونەر کارێکی ئاسان نییە و هیوادارم کۆمەڵگای کوردی زیاتر بکرێتەوە و بەرەو پێش بڕوات. بەشداریکردنی شانۆکارە گەنجەکانیش کارێکی زۆر باشە لەبەر ئەوەی ئایندە لەدەست گەنجان دایە.

**دەربارەی هۆکاری کەمی بینەر لەشانۆگەرییەکانی پێشتر دا شانۆکار محەمەد تاهیر گوتی"**دەتوانم بڵێم ئێستا شانۆی کوردی لە بووژانەوەدایە، ئەگەر لێکتێگەیشتن هەبێت لە نێوان ئێمە و بینەران بە ئاسانی دەتوانین بینەران بگەڕێنینەوە بۆ هۆڵەکانی شانۆ. **محەمەد تاهیر کە چەند ساڵێکە لە بواری شانۆدا کار دەکات لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:** بمانەوێ یان نا ئێستا خەڵك حەز دەکات پێ بکەنێت، حەز دەکات شتی جوان ببینێت و لێی تێ بگات. لەگەڵ ڕێزم بۆ شانۆکارە ئەکادیمییەکان ئەوانەی لەسەر ڕێبازە تازەکان دەڕۆن هەندی شانۆ پێشکەش دەکەن کە خەڵك لێیان تێناگات، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵك پاشەکشە بکات بینەر دوور بکەوێتەوە لە شانۆ تەنانەت خودی شانۆکارانیش لە شانۆ دوورکەوتنەوە، بۆیە پێویستە بە ئاسانترین ڕێگا پەیامی خۆمان بگەیینین بە بینەران.لەم ماوەیە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان کۆمەڵێك چالاکی شانۆیی جیاجیا ئەنجامدران ئامادەبووان بە پەنجەی دەست دەژمێردران.لەڕۆژی جیهانی شانۆ دوای ئەوەی شانۆکاران خەڵاتیان وەرگرت شانۆیەك پێشکەش کرا ژمارەیەکی کەم لە خەڵك ئامادەبوون ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بینەر تام و چێژ لەو شێوازە نابینێت، بەڵام ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ بووژانەوەی شانۆی کوردی و گەڕانەوەی بینەر بۆ هۆڵی شانۆ ئەگەر بەردەوام بێت.هەروەها پلانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەوەی دەبێت تیپەکان چالاکیان هەبێت لەبەرامبەر ئەو بوودجەیەی وەری دەگرن کە ئەمەش هەوڵێکی گرنگە.

**دلڤین موحسین ئەکتەرێکی شانۆی بە توانایە و وەك زۆربەی ئەکتەران بە عەشقەوە ڕووی لە بواری شانۆ کردووە، ئەویش بەم شێوەیە باسی لە شانۆ و گرنگی ڕۆڵی ئافرەتان و ئامادەبوونیان لەسەر تەختەی شانۆ و بەم شێوەیە قسەی کرد:**ئەگەر بەو شێوەیەی ئێستا شانۆی کوردی بەردەوام بێت ئەوا پێشبینی ئایندەیەکی گەشی لی دەکەم. ناتوانین بڵێین بینەری شانۆ کەمە بۆنموونە لە شانۆی فێڵەکانی جەمۆ بینەرێکی زۆر ئامادەبوون بەجۆرێك هێندەی بینەری یەك مانگی زۆر شانۆی تر بوون. بەڕای من ئەگەر بینەری شانۆگەرییەك کەم بێت یان بەهۆی لاوازی دەقەکەیەتی یان دەرهێنەرەکەی ئەگەرنا شانۆکاری لێهاتوو هەیە و بینەریش هەیە. پێویستە شانۆ ئاوێنەی کۆمەڵگا بێت و بینەر وێنەی خۆی تێدا ببینێتەوە. بەڕای من کەمی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنەرەکان پێویستە دەرهێنەر لەزمانی کوڕ تێ بگات لە زمانی خێزاندار تی بگات یان کچ و ئافرەت جیاوازی لە نێوان بارودۆخی ئەوانە دا بکات و وەك یەك تەماشایان نەکات.

**لە کۆتاییدا ئەکتەری شانۆ ئەیام ئەکرەم ناسراو بە شەمۆ گوتی:**
ئەگەر دەقی باش هەبێت جەماوەر زۆرە بەپێچەوانەوە ئەگەر دەقەکە لاواز بێت بینەر ئامادە نییە بیبینێت. لە شانۆگەری فێڵەکانی جەمۆ جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون من سوپاسیان دەکەم، سەبارەت بەوانەی دەڵێن شانۆی کوردی لەقەیران دایە، تا ئێستا لەنزیکەی سی و پێنج شانۆگەری بەشداریم کردووە و پێموایە هیچ قەیرانێك لەشانۆی کوردیدا نییە.


محەمەد تاهیر


دلڤین موحسین


ئەیام ئەکرەم





## نیكۆڵ بەردەویل:

# جوانی ئافرەت پێویستی بە خزمەت كردنی بەردەوام هەیە

**سەرەتا دەربارەی كاری نمایشكاری جلوبەرگ و شاجوانی پەیوەندییان بە هونەرەوە نیكۆل دەڵێ:**

- مۆدێل یان نمایشكاری جلوبەرگ تا رادەیەكی زۆر جیاوازە لەگەڵ شاجوانی، چونكە لە مۆدێلدا جوانی بە پلەی یەكەم سەرەكی و پێویست نییە زیاتر پێویستی بەوە هەیە چۆن بتوانیت خۆت بە جوانترین شێوە دەربخەی بۆ ئەوەی سەرنجی دانیشتوان و بینەران رابكێشی و بزانی بە چ شێوەیەك ئەو جلوبەرگانەی نمایشی دەكەی بە دڵی خەڵك بن، ئەمەش تا رادەیەك پێویستی بە مەشق و راهێنان هەیە، بەڵام شاجوانی یان جوانی بە گشتی بۆ ئافرەت دەتوانم بڵێم ئەمە زیاتر بەهرەیە دیسان ئەویش پێویستی بە هەندێك خزمەتكردن و گرنگی پێدان هەیە بۆ ئەوەی ئەو جوانییە بەردەوام بێت.

*** نیكۆل چۆن نازناوی شاجوانی بە دەستهێنا؟**

- دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩٣ من و چەند كچێكی لوبنانی ناوی خۆمان تۆمار كرد بۆ بەشداری كردن لە پێشبڕكێی شاجوانی لوبنان، من توانیم رەزامەندی لیژنەی ناوبژیوانی بەدەست بهێنم و بە شاجوانی لوبنان هەڵبژێردرام.

*** تۆ پێشبینی ئەوەت دەكرد؟**

- ئەگەر بە راشكاوانە بڵێم نەخێر پێشبینیم نەدەكرد ببم بە شاجوانی وڵاتێكی وەك لوبنان كە بە وڵاتی جوانی و سروشت بەناوبانگە، بەڵام ئەمە پێشبڕكێیە و هەر دەبێ یەكێك بیباتەوە، هەروەها زۆر لە دۆست و خزمەكانم هانیاندام و ئەوان لە من زیاتر دڵنیاتر بوون كە من ئەم نازناوە بەدەست بهێنم و پێشبینییەكانیان راست دەرچوون، دوای ئەوەش من بووم بە یەكێك لە كەسە ناودارەكانی لوبنان ئەگەر بۆ كاتێكی كەمیش بوو بێت.

*** ئایا نمایشكاری جلوبەرگ و شاجوان چ پەیوەندییەكیان بە هونەرەوە هەیە جا گۆرانی گوتن یان نواندن بێت؟**

- من هەردوو بواری شاجوانی و نمایشكاری جلوبەرگیم تاقیكردۆتەوە، چونكە دوای ئەوەی بە شاجوانی لوبنان هەڵبژێردرام رووم لە نمایشكاری جلوبەرگ و مۆدێل كرد، بێگومان ئەوانەی لە بواری هونەریدا كار دەكەن بەتایبەتی سینەما و تەلەفزیۆن هەوڵ دەدەن سوود لە جوانی و ناوبانگی نمایشكارەكان و شاجوانان وەربگرن لە كارەكانیاندا، چونكە هەر كەسێك كە دەبێت بە شاجوان ئەوا ناوبانگێك بۆ خۆی پەیدا دەكات و ژمارەیەكی زۆری خەڵك دەیناسێت و بەشداری كردنیان لە فیلمێكدا دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵك روو لە فیلمەكە بكات و حەز بكا ببینێت، بەڵام گۆرانی گوتن ئەویش بەهرەیە و ئەگەر شاجوانێك بتوانێت لە گۆرانی گوتندا سەركەوتوو بێت ئەوا هەوڵ دەدات روو لەو بوارە بكات، بەڵام سەركەوتن و سەرنەكەوتنی لەو بوارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێشكەشی دەكات.

*** تۆ یەكێك بووی لە پاڵەوانانی فیلمی (الباحثات عن الحریە) كە ئیناس دغێدی دەریهێناوە، دیارە ئیناس دغێدیش یەكێكە لەو دەرهێنەرانەی كە فیلمەكانی رەخنەیەكی زۆریان لێدەگیری بەوەی لە دابونەریت و رەوشت دەردەچن و هەر ئەو فیلمەش پێشتر چەندین ئەكتەری دیكە رەتیان كردبۆوە**

**نیكۆل بەردەویل لە ساڵی ١٩٩٣ بە شاجوانی لوبنان هەڵبژێردرا و لەبەر خۆشەویستی بۆ كاری هونەری و نواندن رووی هونەر كرد و یەكەم دەركەوتنیشی لە ڤیدیۆ كلیپی گۆرانی ( حبیبی یا نور العین)ی هونەرمەندی بەناوبانگی میسری عەمرو دیاب بوو كە بۆ ئەو كات یەكێك بوو لە سەركەوتووترین ڤیدیۆ كلیپەكان، بەڵام ئەو كات نیكۆڵ وەك پێویست نەناسرا بوو، دوای ئەم گۆرانییە رووی لە بواری نمایشكاری جلوبەرگ كرد دوای ئەویش رووی لە ئەمریكا كرد بۆ تەواو كردنی خوێندنی زانكۆ،ئینجا بەشداری لە زنجیرە درامای( حب اعمی ) كرد و رۆڵێكی سەرەكی تێدا بینی، دوای ئەوەش لە فیلمی ( الطائرالذهبي) دا رۆڵێكی دیار و بەرچاوی هەبوو.**

**بەڵام دەركەوتنی راستەقینەی نیكۆڵ بەردەویل لە فیلمی (الباحثات عن الحریە) بوو كە لە دەرهێنانی خانمە دەرهێنەری بەناوبانگی میسری ئیناس دغێدی بوو، چونكە ئەم فیلمە مشتومڕێكی زۆری لە هەموو وڵاتانی عەرەبی نایەوە بە هۆی سیناریۆكەی كە باس لە سێ كچی عەرەب دەكات كە بە تەنیا لە ئەوروپا دەژین و دووچاری چەندین گرفتی جیاجیا دەبنەوە، هەروەها ئەم فیلمە چەندین دیمەن و گرتەی تێدایە كە رەخنەی زۆری لێگیرا، لە پەیوەندییەكدا كە بە تەلەفۆن ئەنجامماندا نیكۆڵ بەوە شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**




**ئەو رۆڵەی تۆ ببینن، دەربارەی ئەم فیلمە و ئیناس دغێدی چی دەڵێی؟**

- ئیناس دغێدی یەکێکە لە بەتواناترین و بە جورئەتترین دەرهێنەرە عەرەبییەکان ئەو کارانەی دەیکات زۆر لە دەرهێنەرە پیاوەکان ناتوانن خۆیان لێبدەن تەنانەت هەندێکیان بیریشی لێناکەنەوە، بەڵام ئیناس دەیەوێ کێشە کۆمەڵایەتییە باوەکان وەکو خۆی بە ئاشکرا بە بێ ترس و دوو دڵی بهێنیتە سەر شاشەی سینەما هەرچەندە باشیش دەزانی کە باجی ئەم کارە زۆر دەبێت و تووشی رەخنە دەبێتەوە و قسەی زۆری دەربارەی دەگوترێ و لە کۆمەڵگاکانی ئێمە دوور نییە هەرەشەی کوشتنیشی لێبکرێت، چونکە تەنانەت باس کردنی هەندێك لەو کێشانەی کە ئیناس لەسەر شاشە پێشکەشی کردوون تا ئێستا لە لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

*** ئەی هەوڵت نەداوە وەك زۆربەی مۆدێلەکان روو لە بواری گۆرانی گوتن بکەی و بەختی خۆتی تێدا تاقی بکەیتەوە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دەنگخۆشی و گۆرانی گوتن بەهرەیە و هەموو کەسێك ئەم بەهرەیەی نییە منیش یەکێکم لەوانەی کە خوا ئەم بەهرەیەی پێ نەبەخشیوم بۆیە رووم لەو بوارە نەکردووە.

*** زۆر شت دەربارەی فیلمی ( الباحثات عن الحريە) چی دەڵێی لە وەڵامی ئەمانە؟**

- پێویستە سەرەتا باسی یەك شتی گرنگ بکەین ئەوەیش ئەوەیە کە هونەر ئێستا بووەتە کارێکی ئاسایی و زۆر کەس لە شەو و رۆژێکدا دەبن بە هونەرمەند هەر بۆیەش دەبینین زۆر رەخنە لە هەندێك فیلم یان گۆرانی دەگیرێت، راستە زۆر شت گوتراوە، بەڵام ئەگەر سەیری واقعی ژیان بکەین ئەوەی لە فیلمەکەدا باس دەکرێ کارێکی نامۆ نییە و زۆر ئاساییە رووداوی لەم جۆرە بە شێوەیەکی فراوانتر روو بدەن، خەڵك ئازادە چی دەڵێ و چی ناڵێ بۆ من ئەوەی گرنگە لە لایەنی هونەرییەوە کارەکە سەرکەوتوو بێت ئەگەر خەڵك بە چیرۆك یان سیناریۆکەی رازی نەبێت یان رەخنەی لێبگرن ئەو مەسەلەیەکی ترە.

*** تێڕوانینی لوبنانییەکان بۆ فیلمەکە چۆن بوو؟**

- زۆر لە لوبنانییەکان پێم دەڵێن تۆ بەم رۆڵە کاریگەرییەکی سلبیت هەبووە لەسەر ناوبانگ و دابونەریتی کچی لوبنانی منیش دەڵێم ئەمە راست نییە، چونکە ئەگەر بە وردی لە فیلمەکە بروانین دەبینین رۆڵی کچە میسرییەکە جورئەتی زیاتری تێدایە ئەگەر وایە دەبێ ئەوان چی بڵێن، دالیا بوحێری کە ئەکتەرێکی بەناوبانگی میسرە ئەگەر بیزانیبا ئەم فیلمە بەو شێوەیەیە کە باس دەکرێ چۆن رازی دەبوو و ناوبانگی خۆی دەخستە مەترسییەوە بە هەمان شێوە سەنا موزیانیش، بەڵام ئێمە بە قەناعەتەوە بە بیرۆکە و سیناریۆی فیلمەکە رازی بووین ئەوەی راستی بێت من خۆم پێشتر پێشبینی ئەوەم دەکرد کە دووچاری رەخنە ببینەوە، چونکە ئێستا وای لێهاتووە هەر کارێك ناوی ئیناس دغێدی بەسەرەوە بێت خەڵکانێك بێ ئەوەی ببینن و بزانن باس لە چی دەکات و ئایا تا چەند لە واقع نزیکە رەخنەی لێدەگرن.

*** ئەگەر فیلمێکی دیکەی هاوشێوەی ( الباحثات عن الحريە)ت پێشکەش بکرێ پێی رازی دەبی؟**

- وەك پێشتر گوتم من دوای ئەوەی سیناریۆی ئەو فیلمەم بە وردی خوێندەوە قەناعەتم بۆ دروست بوو ئینجا رازی بووم بەشداری تێدا بکەم ئێستاش ئەگەر فیلمێکی دیکەی لەو شێوەیەم پێشکەش بکرێت و قەناعەتم پێی هەبێ بێگومان رازی دەبم، بەڵام دەبێ کاتی تەواوم بۆی هەبێت، چونکە ئێستا بەشێکی زۆری کاتەکەم بۆ پەروەردە کردنی کچەکەم تەرخان کردووە، مەرج نییە تەنیا لەگەڵ ئیناسیش بێت لەگەڵ هەر دەرهێنەرێکی دیکە بێت بەلای منەوە زۆر ئاساییە گرنگ ئەوەیە سیناریۆ و ئەو رۆڵەی پێم دەسپێردرێ بە دڵم بێت و قەناعەتم پێی هەبێت.



*** تۆ لە لوبنانی ئیناس لە میسرە ئیناست چۆن ناسی؟**

- لە رێگای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییەوە ئیناسم ناسی، کاتێك بینیم فیلمەکانی خۆی شی دەکردەوە ئەو کات زۆر پێی سەرسام بووم و هەستم کرد کە شتێك هەیە بۆ لای ئەو ئافرەتەم رادەکێشی، دوای ماوەیەك ئیناس خۆی پەیوەندی پێوە کردم و داوای لێکردم بەشداری بکەم لە فیلمی داهاتووی من سەرەتا دوو دڵ بووم و ترسم هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی سیناریۆکەم خوێندەوە کەسایەتییەکەم زۆر بە دڵ بوو و بە قەناعەتەوە پێی رازی بووم، چونکە وێنەیەکی نموونەیی کچی لوبنان نیشان دەدات کە واقعییە و ئافرەت دووچاری ئەوە دەکات رووبەرووی کێشەکانی ژیان ببێتەوە و پڕە لە ئێش و ئازار کە زۆر لە کچانی عەرەب لە ئەوروپا و رۆژئاوا دووچاری دەبنەوە ئەمەش زیاتر هانیدام بەو رۆڵە رازی بم بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم.

***یەکەم کاری هونەری تۆ بەشداری کردن بوو لە ڤیدیۆ کلیپی ( حبيبى يا نور العين) لەگەڵ هونەرمەند عەمرو دیاب ئەو کلیپە چ رۆڵێکی هەبوو لە زیاتر ناساندنی تۆ؟**



-من لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نازناوی شاجوانی لوبنانم بەدەستهێنا ئەو کات خەڵك زۆر نەیدەناسیم لە رێگای ئەو کلیپەوە تا رادەیەك ناسرام واتە نازناوی شاجوانی و بەشداری کردنم لەو گۆرانییە بە هەردووکیان جۆرێك ناوبانگیان بۆ دروست کردم لە نێو خەڵکدا و تەواوکەری یەکتر بوون بۆ من، بێگومان بەشداری کردنی هەر کچێك لەگەڵ هونەرمەندێکی وەك عەمرو دیاب وەك پاڵەوانی ڤیدیۆ کلیپ سەربەرزییەکی گەورەیە، چونکە عەمرو دیاب هونەرمەندێکی بە توانایە و یەکێکە لە باشترین ئەو هونەرمەندانەی ئێستا لە گۆرەپاندا هەن و من زۆر حەز لە گۆرانییەکانی دەکەم، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو ڤیدیۆ کلیپە ئەو سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەستهێنا و بۆ ماوەیەکی زۆر لە لوتکەدا بوو.

*** گوێ لە کێ دەگرێ و سەیری چ جۆرە فیلمێك دەکەی؟**

- بەراستی حەز لە دەنگی هەموو هونەرمەندە دەنگخۆشەکان دەکەم و هەرکاتێك دەرفەتم هەبوو گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم بە بێ جیاوازی، سەبارەت بە فیلمیش، من هەوڵ دەدەم بە گوێرەی هەبوونی کات سەیری هەموو فیلمە عەرەبی و جیهانییە نوێیەکان بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا زۆربەی کاتم بۆ پەروەردە کردنی کچەکەم و راپەراندنی کاری رۆژانەی ناو ماڵ تەرخان کردووە رەنگە نەتوانم کاتێکی زۆر بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و بینین فیلمەکان تەرخان بکەم .



**لە کۆتاییدا سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای لوبنان نیکۆل دەڵێ:**

ئەوەی ئێستا لە لوبنان و فەلەستین و عێراق روو دەدات مایەی دڵگرانیی هەموو لایەکە، راستە ئێستا بارودخەکە تا رادەیەك ئارامە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە مایەی مەترسییە هیوادارم ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر هەموو جیهاندا بکێشێت لەوانەش عێراق و لوبنان.